# دوا وێستگەی ژیانی تیرۆریستێك وڕەنگدانەوەكانی لە ئاستی تێرۆری نێودەوڵەتی

**ئامادە كردن ولێكۆڵینەوە: ئەمین خەواله**

هەر وەك ئاگادارین سەر لە بەیانی رۆژی هەینی ڕابردوو ڕێكەوتی 13ی بەفرانبار فەرماندەی تێرۆریستی سۆپای قۆدس سەر بە هێزەكانی ڕژیمی كۆماری ئیسلامی هاوڕێ لە گەڵ ئەبوو مەهدی مۆهەندیس جێگری سەرۆكی هێزەكانی حەشدی شەعبی كە لە لایەن ئێران و بە مەبەستی ئاژاوەگێڕی لە وڵاتی عێراق و هەرێمی كوردستانی باشوور لە ماوەی چەن ساڵی ڕابردوو لە لایەن ڕژیمی كۆماری ئیسلامی پێك هات، لە هێرشێكی فڕۆكە بێ فڕۆكەوانەكانی ئامریكا دوای گەیشتنی ناوبراو بۆ شاری بەغدا و لە نزیك فڕۆكەخانەی نێودەوڵەتی ئەوشارە كەوتنە بەر هێرشی توندی ئەو هێزە و لە دەرئەنجامدا كوژران و نابوود كران و كۆتایی بە دەسەڵاتی ناوبراو لە ناوچەكە هێنرا.



بەڵام هاوكات دەسەڵاتدارانی ڕژیمی كۆماری ئیسلامی بە گەورە نیشاندانی ناوبراو ودرووستكردنی قارەمانێكی نێونەتەوەیی لە ناوبراو ئەیانەوێت ناوبراو وەكوو سەمبۆلێك گەورە بكەنەوە و داوای خوێنخوازی ناوبراو بكەن و لایەنە شاراوەكانی ناوبراو بشارنەوە و هاوكات ناڕەزایەتییە جەماوەرییەكانی ماوەیەكی پێش ئێستای نەتەوەكانی ئێران دابمركێنن و بیخەنە لانەی لە بیركردنەوە. قاسم سولەیمانی لە دایك بووی ساڵی ١٣٣٥ی هەتاوی لە گوندێكی سەر بە پارێزگای كرمان هەڵكەوتوو لە باشووری ڕۆژهەڵاتی وڵاتی ئێران لە دایك بووە. ناوبراو ساڵەكانی شەڕ لە نێوان هەر دوو وڵاتانی ئێران وعیراق وەكوو فەرماندە هێز بەشداری كردووە ودواتر وەكوو فەرماندە هیزی لەشكەری 41ی كرمان دیاریكراوە تا ئەو جێگایەی وەكوو فەرماندە لیوا بەرزترین پلەی هێزی سەربازی ئەو وڵاتەی پێ بەخشراوە و دواتر لە لایەن ڕێبەری ئایینی ئیران، عەلی خامنەیی وەكوو فەرماندەی گشتی هێزەكانی سۆپای قۆدس لە دەرەوەی وڵات و ناوچەكە و پەرەپێدانی تێرۆریستی نێودەوڵەتی لە ناوچەكەدا دیاری كراوە.

قاسم سەرەكی هەر لە سەرەتای هاتنە سەركار و دەسەڵاتی وەكوو خۆدەرخستن و نیشاندانی تواناكانی خۆی دەورێكی كاریگەری هەبووە لە تیرۆری ڕێبەرانی شەهیدی گەلی كورد دوكتۆر عەبدولرەحمان قاسملوو سكرتێری گشتی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران ساڵی 1368ی هەتاوی لە ڤییەن و دواتر تێرۆری ڕێبەری بلیمەتی گەلی كورد و هاوكات سكرتێری گشتیی حیزبی دێموكراتی كوردستانی ئێران دوكتۆر سادق شەرەفكەندی لە ساڵی 1371ی هەتاوی دا و هاوكات دامەزراندنی دەیان گرووپی تێرۆریستی لە وڵاتانی لۆبنان، سووریە، ئەفغانستان، فەلەستین، عێراق وبە گشتی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەپێدان بە تێرۆری نێودەوڵەتی و هەناردەكردنی تێرۆریستی نێودەوڵەتی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی و تەنانەت ئامریكاش بۆ وێنە دەستێوەردان و بەشداری لە پڕۆسەی تەقینەوەكانی ساڵی 2007 لە نیۆیۆرك لە وڵاتی ئامریكا.

پشتیوانی ڕاستەوخۆی ڕیبەری ئایینی ڕژیمی ئێران و هاوئاهەنگی لە گەڵ ناوبراو بۆ هەر ڕێژە پارەیەك لە بەردەستی ناوبراو بۆ وەدیهێنان و دامەزراندنی هیلالێكی شێعە لە ناوچەكە و هەناردە كردنی تێرۆریستی نێودەوڵەتی بە هەر نەرخێك یەكێك بووە لە ئامانجە سەركییەكانی ڕژیمی كۆنەپەرەستی كۆماری ئیسلامی ئێران و لە هەڵگرتنی ئەم هەنگاوش دا زۆر جار لایەنە تێرۆریستەكانی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەكەش هاوكاری و پشتیوانیی ناوبراویان كردووە و هەر چەشنە یارمەتییەكی ناوبراویان داوە هەر چەن ڕژیمی ئێران داهاتی نەوت و ژێرخانی ئابووری وڵاتەكەی بە خنكاندنی جەماوەر و نەتەوەكەی و میللەتەكەی دابین كردووە بۆ پەرەپێدانی تێرۆریستی نیودەوڵەتی و بەدیهێنانی خەون و ئاواتەكانی لە ناوچەكە و بگرە لە وڵاتانی ڕۆژئاواییش و هەتا ئامریكا و زۆر جێگای دیكەش.




دوای چەندین ساڵ خەونی سەربەخۆیی پرۆسەی ڕێفراندۆمی هەرێمی كوردستانی باشوور بەرەو قۆناغێكی نوێ هەنگاوی هەڵگرتبوو بەڵام بە داخەوە جارێكی دیكە و لە هەنگاوێكی قێزەونێكی دیكەدا قاسم سولەیمانی و دار و دەستەكەی بە یارمەتیی چەن هێزێكی ناوخۆیی خائین بە نیشتمان ڕێگر بوون لو وەدیهێنانی خەونی لە مێژینەی كوردستان و بە ئاژاوەگێڕی و ئەستاندنەوەی پارچەیەكی گەورە لە خاكی نیشتمان، كەركووكی دڵی كوردستان دەستیان گرت بە سەر هەموو داهاتەكانی ڕێفڕاندۆم و لە ڕاستییدا دەرئەنجامی ڕێفرانۆمیان زەوت كرد و ڕێگایان نەدا ئەو هەلە سەر بگرێت و ئەو پارچەی كوردستان ئازاد و سەربەخۆ بێت، لە بەر ئەوەی مەترسییەكی گەورە بۆ بەشێكی گەورەی ژێر دەسەڵاتی ئێران كە ساڵانێكی زۆرە بە ناڕەوا دەست گیراوە بە سەر خاكی ئەو بەشە لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان و هەروەها پەرەئەستاندنی ڕێفراندۆم بۆ پارچەكانی دیكە وەكوو باكووری و ڕۆژئاوا و دواتریش وەكوو بینرا لە هەوڵی كوردانی ڕۆژئاوای كوردستان بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی جارێكی دیكە گەورە تێرۆریستی پاسداری ڕژیمی كۆماری ئیسلامی گەیشتە فریای بەشار ئەسەدی سەرۆك ڕژیمی بەعس لە وڵاتی سووریە و تەمەن ئەو ڕژیمە دیكتاتۆرەی بۆ ساڵانێكی دیكە نوێ كردەوە و دەستی گرت بە سەر ئەرك و ماندووبوونەكانی كوردی ئەو پارچەیەش و ئەو هێزانەشی لە ناخدا خنكاند و بڵیسەی ئاگری سەربەخۆیی لەو بەشەی نیشتمان كوژاندەوە.

ناوبراو ساڵانێكی زۆر بە پشتیوانی ولایەنگری و پەروەردەكردنی هێزەكانی حێزبۆڵا لە وڵاتی لۆبنان پێگەیەكی گەورەی بۆ خۆی و وڵاتەكەی درووست كردووە بۆ دەستێوەردان لە كاروباری ئەو وڵاتە و نزیكایەتی بە وڵاتی فەلەستین و دزە كردن بۆ ناو هێزەكانی وڵاتی ئیسرائیل بە هەموو هێز و تواناكانییەوە و ساڵانە بە ناردنی چەك و چۆڵ و پارەیەكی زۆر هەموو هەوڵێكیان وەگڕ خستووە بۆ پەرەپێدانی ئەم هێزە تێرۆریستییە لە ناوچەكەدا. لە گەڵ هاتنە سەر دەسەڵاتی هێزەكانی داعیش لە

وڵاتی عێراق و سووریه قاسم سۆلەیمانی تێرۆریست به دامەزراندنی چەن گرووپی شێعه له وڵاتانی عێراق و سووریه و له سەرووی هەمووی ئەوانەوه دامەزراندنی هێزێکی شێعه له ژێر فەرمانی خۆی دا به ناوی حەشدی شەعبی تا ڕادەیەکی زۆر توانی هێز و تواناکانی خۆی بهێنێته ئەو وڵاته تا ئەو جێگای ئەو هێزه وەکوو یەکەم هێزی هاوشێوه سەربازی له وڵاتی عێراق گەوره بکاتەوه و له ماوەیەکی کورتدا ئەم ناوی ئەم هێزه بخاته سەر زمانی هەمووان و پێگە و جێگایەکی بەرچاو بۆ ئەو هێزه دەستکرده له پاڕلەمانی ئەو وڵاته بکاتەوه و بەو هۆیەوه جموجووڵەکانی له ناوچەکه چەندین بەرانبەر پەره پێ بدات و تەنانەت دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتانه به تەواوەتی بخاته ژێر ڕکێف خۆی و وڵاتەکەی.

له ئێستاش دا دوای کوشتنی له لایەن هێزه ئاسمانییەکانی ئامریکا و پووچەڵکردنەوەی هەموو پیلان و پرۆگرامەکانی خۆی و وڵاتەکەی له ناوچەکەدا، دەسەڵاتدارانی ڕژیمی ئێران و له سەرووی هەموویانەوه ڕێبەری ئاینی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی به قارەمانی نەتەوەیی ناوبردن و شوبهاندنی ناوبراو هەموو هەوڵێکی خۆیان وەگر خستووه ناوبراو وەکوو پاڵەوانێکی بێ بنەما و دەستکرد نیشانی جەماوەر و نەتەوەکانی بندەستی خۆیان بدەن و به تەمای ئەوەن ناو و یادی ناوبراو هەتا هەتایی بکەن بەڵام مخابن جەماوەر و کۆمەڵگای بندەسەڵاتییان زۆر لەوه چاوکراوتر و هۆشیارتر بوون و ئەوەیان له بیر ناچێت که قاسم سولەیمانی تێرۆریست قاتڵ و بکوژی ڕۆڵەکانییانه و هەر ماوەیەك بەر له ئێستا به فەرمانی ناوبراو و هاوڕێیانی زیاتر له 1500 کەس جەماوەری بێ تاوان کوژران و تا ئێستاش زیاتر له چەند هەزار کەس له بەندیخانەکانی کۆماری سێداره بێ تاوان بەند کراون و چارەنووسیان نارۆون و نادیاره و له کۆتایی دا هەر هەوڵێك بۆ قەرەبوو کردنەوەی کوشتنی ناوبراو ئەبێته هۆی ڕووخانی یەگجارەکی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی و ئەوانیش خۆیان به باشی ئاگادارن و چاك ئەزانن.

مقالات امین خواله را در سایت زیر مطالعه کنید:
https://kurdishamerican.org